# مافی خەڵکی کوردوستان خۆیەتی چارەنووسی دیاری بکات

هیدایەت مەلا عەلی

ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد خەڵکی کوردوستان یان واباریهێناوە کە ئەوان لەبری خەڵك بیر ئەکەنەوەو بڕیار دەدەن و سەرجەم کێشەکان چارەسەر دەکەن . لەتەمەنی ئەم حیزبانەدا هەموو ڕووداو کارەساتەکان کە یەخەی خەڵکی گرتووەو ئەمان سەرچاوەی بوون وا باسیان کردووە کە بەخاتری خەڵك ئەو کارەیان کردووەو ئەوان هیچ بەرژەوەندیەکیان لە ڕووداو کارەساتەنەدا نەبووە . شەڕی ناوخۆ وەك دزێوترین دیاردەی ململانێی نێوان ئەم حیزبانە لە کاتی ڕوودانیدا هەمیشە وایان لێکداوەتەوە کە ئەم شەڕە چارەنووسی خەڵکی کوردوستان دیاری دەکات و ئەگەر لایەنی بەرامبەر لە ناو بەرین بەیەکجاری خۆشی و ئاوەدانی دەگەڕێتەوە . گفتوو گۆ لەگەڵ ڕژێمی سەرکووتگەری بەعس ئەم دیاردەیەش یەکێکی ترە لە دیاردە دزێوەکانی ئەم حیزبانە کە پێش ڕووخانی بەعس وەك ستراتیژێك هەمیشە لە بازنەی شەڕ گفتووگۆ شەڕدا خولاونەتەوە . ئەم حیزبانە شیعاری گفتووگۆ جۆرێکە لەخەبات یان بۆ چەواشەی خەڵك و بەلاڕێدا بردنی ئەو تێگەشتنە دروستە بوو کە ئامانجی ئەم حیزبانەی ئاشکرا ئەکرد لە پشت گفتووگۆوە کە ئەویش شەریك بوونە لە گەڵ دەسەڵاتی مەرکەزدا . ئەم حیزبانە هەموو گفتووگۆکانیان وا لێکداوە تەوە کە لەبەرژەوەندی خەڵکدایەو ئەوان مەجبوور بوون ئەم کارە بکەن بۆ نموونە ساڵی 91 کە ڕاپەڕین و کۆڕەوەکە ڕوویدا ئەم حیزبانە زۆر بە خێرای گەشتنە پایتەخت و وویستیان بەشێك لە دەسەڵاتی نەفرەت لێکراوی مەرکەزیان بەربکەوێ بەڵام لە ڕاگەیاندن و دیووی دەرەوەی کارەکەدا دەیان ووت بەخاتری خەڵك ئەو کارەمان کردووە بۆ ئەوەی لە شاخاکەن لەبەر سەرماو باران ڕەق نەبنەوە . ئەم لێکدانەوانە تەواو پێچەوانەی واقیع بوو چونکە خەڵك ستەمیان لێکرا خەڵك لە سەرمان مردن خەڵك ئەلغام و قومبەلە کەم ئەندامی کردن خەڵك نەخۆشی ودەیان دیاردەی دژە ئینسانیان بەسەردا هات پاشان ئەوان چوون و ئەملاولای سەدامیان ماچ کرد . خەڵك ڕەووی هەڵبژارد نەك دەسەڵاتی بەعس کەچی ئەوان ئارەزوویان دەکرد خەڵکی کوردوستان بە دەست و پێی بەسراوەوە تەسلیم بە دەسەڵات بکەن تەنها بە قیمەتی ئەوەی جێگایەکیان پێببڕێت لە مەرکەزدا . یەکێکی تر لە دیاردە دزێوەکانی ئەم حیزبانە کە هەمیشە پاساوەکەیان بەوە دەکرد بە خاتری خەڵکی کوردوستانە پەیوەندی نێوان ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد و دەوڵەتانە بە تایبەت ئێران و تورکیا و عێراق . ئەم حیزبانە وایان نیشانی خەڵك دەدا کە پەیوەندیان لەگەڵ ئەم دەووڵەتانە بە خاتری خەڵکەو ئەوان ئەیانەوێت ڕێگای پەیوەندی دەرەوە و ناوەوە بۆ خەڵکی مسۆگەر بکەن و ئەم دەووڵەتانە لە کاتی تەنگانە بەکەڵکمان هاتوون و مەجبوورین بۆ ئەوەی خەڵك لە هەڕەشەی دوژمنەکانمان بپارێزین . ئەمانە هەر قسە بوون بەڵام ڕووی واقعی بەندو بەست و پەیوەندیەکان بۆ ڕاگرتنی تەوازنی هێزی نێوان خۆیان و بردنە پێشەوەی سیاسەتی ئەو دەووڵەتانە بووە لە کوردوستان . بەر ئەنجامی ئەم پەیوەندیانە کە بەناوی خەڵکەوە ئیمزا کراوە ئاکامەکەی تیرۆر کردنی دەیان ئینسانی شەریف و ئازادیخوازی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لێکەوتەوە. ئاکامەکەی دەیان لەشکرکێشی و کوشتن و ووێران کردنی دەیان گووندو بە تاڵان بردنی ماڵ و موڵکی خەڵکی لێکەوتەوە لە لایەن سووپای ئینسان کوژی تورکیاوە . ئاکامەکەی دروست کردنی دەیان تۆڕی جاسوسی و موخابەراتی لێکەوتەوە کوشتن و ڕفاندنی دەیان کەسی سیاسی بەدەستی جەلادەکانی بەعس لەهەمووی شەرم هێنەرانەتر 31 ئابی لێکەوتەوە بەسەرکردایەتی سووپای ڕەشی بەعس . ئەمانە دیاردە دەرکەووتوو بەرچاوەکانی پەیوەندی و هاووسۆزی ئەحزاب و دەووڵەتان بوون . هەموو ئەم ڕووداو کارەساتانەی ژیانی خەڵکی کوردوستانی کردبووە بارمتە و هەموو ڕۆژێك دەستەیەك لە ئازیزان و خۆشەوویستان دەبوونە سووتەمەنی ئەم کردەوانە وا بەخەڵکی کوردوستان دەفرۆشرایەوە کە بۆ ئەوانە و ئەگەر ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد ئەم کارانە نەکەن ئەوا هەموو لەبەین دەچین و چارەنووسمان نادیار دەبێت . ئەوەی ئەحزابی قەومی کورد تا ئێستا ئەم کارانەی بۆ چۆتە سەرو توانیویەتی درێژە بەتەمەن و ئارستەکردنی ڕوداوەکان بەپێچەوانەی بەرژەوەندی خەڵکی کوردوستانەوە ببات تەریك کردنەوە و بێ ئیرادە کردنی خەڵك و شاردنەوەی هەموو ڕاستیەکان بووە . ئەوەی کە من لێرەدا زۆر بەلامەوە گرنگەو خەریکە وەك هەموو دیاردە و ڕووداوە سیاسیەکانی ترئەم حیزبانە دیزە بەدەرخونە ی پێدەکەن چارەنووسی خەڵکی کوردوستانە لە نێو هاوکێشە سیاسیە تازەکانی ئێستای عێراق و چۆنیەتی مەوقعیەت گرتن لەلایەن ئەم حیزبانەوە

. جارێکی تر خەریکن بە دوور لە دەوورو دەخالەتی خەڵکی کوردوستان خۆیان بەدور لە هەر پرس و ڕایەك بە خەڵك کە مەسەلەکە چارەنووسی خۆیانە لە ژووره تاریکە کاندا بڕیار دەدەن و تەوافق دەکەن و خەڵکی کوردوستان لە سەر سینیەکی زێڕین ئەم جارەیان بە چاوی بەسراوەوە دەبەخشنە شۆڤێنیەتی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی . ئەمانە ڕۆژانە کۆدەبنەوە لەسەر بەشی خۆیان و چارەنووسی خەڵك بەلاّم خەڵك بۆی ڕوون نیە چی بەسەر دێت خەڵك جێگاو ڕێگای دیار نیە لە دیاری کردنی سبەینێی خۆیدا . کۆبوونەوەکانی سەلاحەدین و دوکان و دەیان کۆبوونەوەی تر خەڵك لە ئەوەنەی ئاگادارە کە ئەڵێن کۆبوونەوەکەمان زۆر باش بوو بەلاّم کاتی ئەوە نەهاتووە باسی بکەین . ئەمانە ئەیانەوێت خەڵکی کوردوستان بەوە قانع بکەن کە بەشی ئەوان بە مانای نەمانی ستەمە لەسەر خەڵك لە کاتێکدا زۆر کات نەڕۆشتووە بەسەر شیرینەیەکەی یاوەر کە بۆ خەڵکی کوردوستانی نارد لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە . خەڵکی کوردوستان بە ئاشکرا هەڕەشەو چاو سور کردنەوەی ئیسلامی سیاسی لە مەدەنیەت و تەوەقوعی بەرزی خەڵکی کوردوستان دەبینێت . من دەڵێم ئەم دەورانە زۆر حەساس و چارەنووس سازە نابێ خەڵکی کوردوستان مل بدەن بە گەمەیەك کە بە ژیان و چارەنووسیانەوە دەکرێت . دەبێت خەڵکی کوردوستان خۆیان بڕیار بدەن چ چارەنووسێك هەڵدەبژێرن .چی لەو بڕیاو چارەنووسە ئینسانی و شەرعی ترە کە خەڵك خۆیان هەڵیبژێرن . من پێم وایە ئەم قۆناغە زۆر حەساسە مەرج نیە هەمیشە یان هەر چەند ساڵێك و جارێك ڕوو بداتەوە. فرسەت و زەمینەیەکی سیاسی و کۆمەلاّیەتی زۆر لە بار هەیە بۆ ئەوەی بۆ یەکجاری خەڵکی کوردوستان لە پلە دووی ڕزگاری بێت . بۆ ئەوەی ستەمێك کە لەسەر خەڵکی کوردوستان بووە بۆ یەکجاری بە مێژوو بسپێردرێت. بەبڕوای من دەبێت خەڵکی کوردوستان پێش هەڵبژاردنەکان پرسی پێ بکرێت کە ئایا لە چوار چێوەی عێراقدا دەمێنێتەوە یاخوود دەیەوێت سەربەخۆ بژین و دەووڵەتی سەربەخۆیی خۆیان دروست دەکەن . بەبێ ئەم پرسە هەکارێك یان هەر دیاری کردنی چارەنووسێك لە دژی بەرژەوەندی خەڵکی کوردوستانەو دەبێت بەر نەفرەت بکەوێت . من بانگەوازی سەرجەم خەڵکی کوردوستان دەکەم بانگەوازی هەموو ئەو ئینسانە دڵ پڕ لە هیوایانە دەکەم کە چاوویان لە ئایندەیەکی گەش و خۆشگوزەرانە بۆ خەڵکی کوردوستان لە دەووری یەکتر کۆببینەوە بۆ زامن کردنی ئەو ئایندەیە . ئێمە بزووتنەوەیەکمان بۆ سەربەخۆیی کوردوستان بەڕێ خستووە با ئەو بزوتنەوەیە بە هێزبکەین ودەوڵەتی سەربەخۆیی خۆمان دامەزرێنین بژی خەڵکی کوردوستان سەرکەووتووبێت ئیرادەی خەڵك بۆ پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ

hidayat_malaali@yahoo.com